# بەیان :

ئەی خەڵکی بەشەرەفی کورد ، ئەی خەڵکی زوڵملێکراو و داگیرکراوی کوردستان ، ئەی خاوەنی شەهیدانی کوردستان .

ئەمڕۆ پیلانە چەپەڵەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان و بەهاوکاری بەکرێگیراوەکانیان ؛ دەیانەوێت خاک و گەلی کورد بە یاسایی بکەنە بەشێک لە عێراقی عەرەبی .! ئێمە وەک ( **سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان** ) داوا لەهەموو تاکێکی کورد و هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەکەین بەشداری نەکەن لەو هەڵبژاردنەی عێراقدا . ئەو بە عێراقی بونە، هەموو خەبات و ڕاپەڕینی گەلی کورد زیندەبەچاڵ دەکات و خیانەتێکی گەورەیە بە مافە ڕەواکانمان و نەوەکانی داهاتوو .

ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانێت بەتەواوی و بە هەموو شێوەیەک هەڵبژاردنی عێراق ڕەت بکەینەوە، ئەو هەڵبژاردنە بەهەنگاوێکی دژ بەخواست و مافی ڕەوای نەتەوەی کورد دەزانێت . هەر تاکێکی کورد یان لایەنێکی سیاسی کوردستانی کار بۆ هەڵبژاردنی عێراق بکات و بەشداربێت تێیدا بەشدارە لەو پیلانە چەپەڵەدا .

( **سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان** ) ئامادەیە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی باشوری کوردستان ، بەم مەرجانەی خوارەوە :

1. هەڵبژاردنی باشوری کوردستان دەبێت بە جیهانی بکرێت ، و نابێت بەهیچ شێوەیەک پەیڕەوی یاسا بنەڕەتییەکانی ( دەستوری ) عێراق بکات لە هەڵبژاردندا .

2. دەبێت ئەو هەڵبژاردنە لەسەر یاسای هەڵبژاردنی دائیریێ بکرێت ، و باشوری کوردستان بریتی دەبێت لە ولایەتی موسڵ .

3. دەبێت هەموو ئازادییەک و هەموو جۆرە وەسیلەیەکی مێدیا و سەرچاوە پێویستییەکانی تر ؛ بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان بەیەکسانی بڕەخسێنرێت بۆ بڵاوکردنەوە و پڕوپاگەندەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان و ڕاکێشانی دەنگی خەڵکی .

4. دەبێت ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام درابێت بەلایەنی کەمەوە شەش مانگ پێش هەموو هەڵبژاردنێکی تری عێراق . بۆ ئەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان بتوانێت بڕیار بدات ...

بەبێ جێبەجێکردنی هەموو یەکێک لەو خاڵانەی سەرەوە ، سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان ئەو هەڵبژاردنە بەیاسایی ناناسێت و بەشداری ناکات .......

سەربەخۆی و سەرفرازی بۆ کورد و کوردستان .

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان

جێنیوار 2005